**پانێلێک له سەر**

## له بەر چی ئەم توند و تیژییه؟ ئێمه دەتوانین گفتوگۆ له جیاتی ئەوه بەکار بێنین...



**بەشیر سەبری بۆتانی، ستۆکهۆلم**

hunername@hotmail.com
www.atwebpages.com

فیدەراسیۆنی کۆمەڵەی ژنان بە هاوکاری (پرۆژەی گفتوگۆی رێدا بارنێن پاراستنی منداڵان) رۆژی شەمەی 11/24 لە وڵاتی سوید-ستۆکهۆلم، دەستیان بە گفتوگۆیەکانیان کرد، کە ناوەڕۆکی گفتوگۆکە (بۆ ئێمە توند و تیژی بەرامبەر ژنان بەکار دێنین، لە جیاتی ئەوە، لە ژینگەیەکی دیموکراسی دەتوانین دانوستاندن پێکەوە بکەین. بێریڤان ییلدیز کە بەڕێوەبەری پانێلەکە بوو داوای لە میوانانی پانێلەکە کرد کە خولەکێك لە سەر گیانی شەهیدانی ژنان ڕاوەستن، سەیران دوران کە بەرپرسی فیدراسیۆنی کۆمەڵەی ژنانە لە سەر بابەتی (سووکایەتیکردن بە ژنان) وتارێکی خوێندەوە و شایانی باسە کە گەلێك سەرنجڕاکێش بوو. بەشدارانی ئەم پانێلەش ئەمە بوون: ڕێواس قادر کە ناوەڕۆکی بابەتەکەی (توند و تیژی پیاوان بەرامبەر ژنان) بوو، هەروەها ئەمرە گونگۆر کە یەکێك لە میوانانی پانێلەکە بوو، ناوەڕۆکی بابەتەکەی ئەویش (ئێمەی پیاوان چ بەرپرسیارییەتێکمان لە توند و تیژی بەرامبەر ژناندا هەیە؟)، هەروەها دوو میوانی دیکەش هەبوو، وەك هۆزانڤان گەلاوێژ ئیبراهیم محیەددین کە چەند پارچە هۆزانێکی خوێندەوە و هەروەها کاك سەفین قادریش کە وەك باوکێکی کورد، کچەکەی 11-ساڵی بوو کە ماوەی سێ ساڵ تووشی ئاریشەیەکی مەزن بوو. ناوبراو نایەوێ وەك خەڵکانی دیکە ئەو تراژیدییە بشارێتەوە، بۆیە لە سەر (دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵانی بێتاوان) قسەی کرد. ئەم پانێلە لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ دەستی پێکرد تا کاتژمێر چوار و لە کۆتاییشدا ئەو میوانانەی کە ئامادە بوون گەلێك پرسیاریان هەبوو، هەروەها دیتن و بۆچوونی خۆیان گۆت.